https://doi.org/10.54809/jkss.vi7.195

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# تێڕامانێك لە فەلسەفەی پەروەردە لای ڕۆسۆ (پەروەردەی سرووشتییانەی منداڵ)

م.ی. دیار عبدالباقی خەلیل
بەشی فەلسەفە، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق،
. diyar.khalil@su.edu.krd

## پوختە

ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵدانێكـە بـۆ وردبوونـەوە دەربـارەی فەلسـەفەی پـەروەردە لـە دیـد و گۆشـەنیگای ڕۆسـۆ بـە شـێوەییەكی شـیكارییانە. لـە سـەرەتادا پێناسـەی ڕۆسـۆ دەربـارەی پـەروەردە تاوتوێكـراوە و، دواتـر جەخـت لـەو بنەمـا سـەرەكییانە كراوەتـەوە، كـە پـەروەردەی ڕۆسـۆی لەسـەر بونیـاد نـراون. ئازادیـی لـە نوانـدنی كـردارەكان، خۆسەرپشـكانە و پراكتییكیانـە بەشـداریكردنی منـداڵان لـە كایـەی پـەروەردە و فێركـردن، ئـەو كارە نـوێ و ناوازەیەیـە، كـە ڕۆسـۆ دەیهێنێتەدیـی، واتـە دامەزرانـدنی پـەروەردەی ئەزموونییانـە لـە بەرئەنجامـی بیرۆكـەكانی ئـەوەوە دێتەدیـی و دەروونناسـیی پەروەردەیـی و بنەمـاكانی پـەروەردەی هاوچـەرخ قـەرزاری بیرۆكـەكانی ئـەون. پاشـان تیشـك خراوەتەسـەر خـودی تێكسـتەكانی و، لـە زمـانی خۆیـەوە شرۆڤـە و ڕاڤـەی سیسـتەمە پەروەردەییەكـەی كـراوە، كـە چـۆن منداڵێـكی گریمانەكـراوی بـە نـاوی (ئیمیـڵ) لـە سـەرەتاوە هەنـگاو بـە هەنـگاو پەروەردەیـەكی سرووشـتییانەی دەكات. لـە كۆتاییـدا ئەنجامێـك لـە خوێندنەوەییـەكی شـیكارییانە لەبـارەی ئـەو تێڕامانـەی ئـەو خراوەتـەڕوو، كـە بەدیارخـەری نوێخوازیـی و مەزنـی ڕۆسـۆیە لـە كایـە و پاوانـی پـەروەردە و فێركـردن.

**كلیلە وشەكان: جان جاک ڕۆسۆ، ئیمێل، پەروەردە، منداڵ، سرووشت، پراکتیک، فێرکردن.**

Recieved: 20/8/2022
Accepted: 16/9/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئەگەر مرۆڤ دوا ئامانجی گەیشتن بێت بە بەختەوەریی، ئەوە بێگومان دەتوانین بڵێین خودی بەختەوەریی گرەوی پەروەردەیە. لەم سەردەمەدا، کە تەکنۆلۆجیا باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە، یەکێك لە پرسیارەکانی مرۆڤایەتیی ئەوەیە چۆن تاک بە جۆرێک پەروەردە بکرێت، کە لەگەڵ رەوتی پێشکەوتندا بگونجێت و لەسەر رێی راست رابهێنرێت. بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی کەسێتی تاکەکان لە سالانی سەرەتایی ژیانیان، دەتوانرێت بوترێت منداڵ لە لووتکەی سیستەمی پەروەردە دادەنرێت. جان جاك رۆسۆ، گەورە فەیلەسوفی فەرەنسایی بە تەواوەتیی درکی بە گرنگیی ئەم بوارە کردووە و، جەختی لە رۆڵی پەروەردەیی منداڵ کردۆتەوە. کە چۆن و لەسەر چ بنەمایەك سیستەمی پەروەردە دادەرێژێت؟ هەنگاوە سەرەکییەکانی پەروەردەی منداڵ چین؟ چ خوێندنەوەیەکی بۆ سرووشتی مرۆڤ هەیە؟ گرتنەبەری رێبازی ئەزموونیی و پراکتیکی، گەڕانەوە بۆ سرووشت و داماڵینی سیستەمی پەروەردەی منداڵ لە هەر ئەگەرێکی بەلارێدابەر، بنەمای پەروەردەی رۆسۆیی لەسەر بوونیادنراوە. بەم شێوەیە پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە: (بنەما سەرەکییەکانی فەلسەفەی پەروەردە لای رۆسۆ چین؟). بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیە لە بوونی گرفتی پەروەردەیی لە سەردەمی ئێستا و کۆمەڵگەی کوردستان کەوتۆتەوە، واقعێکی تاڵ، کە بە تەواوی هەستی پێدەکرێت. گریمانەی ئەوە کراوە ئایا دەتوانرێت تێڕامانەکانی رۆسۆ ببنە رێنوومایکەر لە چارەسەرکردنی گرفتەکان؟! پەروەردەی سرووشتیانە و ئەزموونییانەی رۆسۆ لەگەڵ هەڵکەوتی لە ئارادابوو دەگونجێت؟!

بنەمای تێڕامانەکانی ئەو دەربارەی ئەم بابەتە لە کتێبی (ئیمێل) خراوەتەڕوو، کە هەتا ئێستاش جێی سەرنج و گرنگیین. رەنگە ئەمەش بۆ قووڵیی تێهزرینەکانی سەبارەت بە بونیادی مرۆڤ و خوێندنەوەیەکی درووست بۆ سیستەمی پەروەردە بگەڕێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدێکی شیکاریانە بەکارهێنراوە بۆ دەرخستنی ئەو شێوازە تایبەت و سەرەکییەی رۆسۆ لەم کایە و پاوانەدا کە گرتوویەتییەبەر، شێوازی پەروەردەی سرووشتییانەیە، واتە گەڕانەوە بۆ ژیانێکی سرووشتییانەی بێ دەستکاریی و کاریگەریی کۆمەڵایەتیی. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە لە لێکەوتی، وەها پەروەردەیەك بەدیدێت، کە منداڵ تێیدا ئازادانە هەنگاو دەنێت و رۆڵی سەرەکی دەگێرێت، وەها رەوشێکی بۆ دەرەخسێنرێت، بەهرە و لێهاتووییەکانی تێدا بدۆزێتەوە و پەرەیان پێبدات، وەها پارێزگاری لێ دەکرێت دووربێت لە هەرجۆرە دەستێوەردان و ئاراستەکردنێکی نێگەتیڤانە و خو و سرووشتی لە بنەڕەت باشی مرۆڤ بەردەوامی پێدەدرێت. لە راستیدا دۆخێک، کە لە سیستەمی پەروەردەیی هەنووکەییدا فەرامۆشکراوە و زیاتر لە هەرشتێکی دیکە لە ئێستادا گرنگە. دەرئەنجامی وەها سیستەمێکی پەروەردە و فێرکردن، کە رۆسۆ دایدەرێژێت گەر بکرێت و شایانی جێبەجێکردن بێت، مرۆڤێکی کامڵە، کە هارمۆنی دەروونیی و بەهێزی جەستەیی هەیە و هاوڵاتییەکی نموونەییە لە نێو کۆمەڵگەدا، ئەو هاوڵاتییەی ئێستا کۆمەڵگای مرۆیی پێویستی پێیەتی. بەم جۆرە، ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی گرنگیی بیرۆکەکانی رۆسۆیە لە کایەی پەروەردە بۆ رەوش و بارودۆخی ئێستای پەروەردەییمرۆڤایەتیی و سوودوەرگرتن لێی بۆ چاکسازیی لە سیستەمی پەروەردەیی لە ئارادابووی کۆمەڵگەکەمان.

# تەوەری یەکەم:

## شێوازی ئەزموونیی و پراکتیکیی رۆسۆ:

شێوازی روانینی رۆسۆ لەبارەی پەروەردەوە، لێکەوتی فەلسەفەی رۆشنگەرییە و لەم سۆنگەیەوە رەخنەگری شێوازە کلاسیکی و کۆنەپەرستانەیە. رۆسۆ دەربارەی پێناسەی پەروەردە دەڵێت: «گەشەسەندنی منداڵە لە رێی خۆیەوە» (Kumar and Ahmad. ٢٠٠٨. P: ٢). ئەو جەخت لە پەروەردەی سرووشتیانە دەکاتەوە، بە واتای ئەوەی مرۆڤ لە سرووشتی خۆیدا باشە و پێویستە دووربخرێتەوە لە هەموو جۆرە کاریگەرییەکی دەرەکی، وەکو کۆمەڵگە، کلتوور و نەریت و ئایین...هتد بۆ ئەوەی بتوانێت خۆسەرپشکانە بە ویست و ئیرادەی خۆی گەشە بە بەهرەکانی بدات و بەلارێدا نەبرێت.

خالێک کە نابێت فەرامۆش بکرێت (منداڵ) بەرهەم و ئامرازی کایە و پاوانی پەروەردەیە. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین و بزانیین ئەو کائینەی پەروەردە دەکرێت کێیە؟ دەتوانرێت بوترێت «بونەوەرێکی سرووشتییە، چونکە هێشتا بە قۆناغی بە کۆمەڵایەتییبووندا نەڕۆیشتووە. ئەو قۆناغە گرنگەیە لە تەمەنی مرۆڤ، کە لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی گەورە دەبێت و پاشان بە قۆناغەکانی بەکۆمەڵایەتییبووندا دەڕوات و دەبێت بە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی» (سعید، ٢٠٠٢، لا:٤). لێرەوە دەتوانین بلێین پەروەردە و منداڵ لە پەیوەندیەکی توندوتۆڵدا پێکەوە بەستراونەتەوە و تەواوکەری یەکترن؛ چونکە منداڵ ئەو کەسەیە لە دوای لەدایکبوونییەوە لاوازترین بونەوەرە، کە ژیان و مانەوەی پەیوەستە بە خزمەتگوزاریی و کەسانی چوار دەور و لە توانایدا نییە پێویستییەکانی خۆی دابین بکات و لە مەترسیی و هەڕەشەکانی ژیان خۆی رزگار بکات. (قەرەچەتانی، ١٩٩٨، لا:٤). کەواتە ئاشکرایە لەوەتەی مرۆڤ وشیاربۆتەوە جا لەهەر کۆمەڵگا و سەردەمێکدا بووبێت، جۆرێك لە پەروەردەیی پیادەکردووە. بە واتایەکی تر هۆکاری گۆڕانیی بەردەوام لە هەر کۆمەڵگایەکدا پەیوەستە بەو سیستەم و تێروانینانەی لە چوارچێوەی پەروەردەیی رۆڵەکانی پیادەدەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە سەدە کلاسیکەکان و تێڕوانینە پەروەردەییەکانی ئەو سەردەمانە، دەبینین ئامانج لە پەروەردە بە کۆمەڵایەتییکردنی تاکەکان بووە، واتە گونجانیان لەگەڵ دەورووبەر و ئەو شارستانیی و کلتوورەی لە ئارادا بووە و، دواجار گواستنەوەیان بۆ وەچەی دوای خۆیان. لە کاتێکدا لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازیی ئەم رەوشەیی پەروەردەش گۆڕانی بەسەرداهات، ئەم جارە رۆڵی پەروەردە لە بەکۆمەڵایەتییکردنی تاکەوە گۆڕا بۆ بە پسپۆڕایەتییکردنی تاك بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.

بۆ دەستنیشانکردنی بنەما سەرەکییەکانی فێربوون، دەتوانرێت باس لە پاڵنەر، خواست و ویست و چالاکی تاکەکسی بکرێت. لەراستیدا ئەم بابەتانە رەگەزە سەرەکییەکانی فێربوونن، کە رۆسۆ و زۆرێك لە شارەزایانی سەدەیی بیستەمیش لێکۆڵینەوەیان دەربارەوە کردووە. رۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دەڵێت: «مرۆڤ بە ئازادی لەدایکدەبێت و لە هەموو شوێنێک لە کۆت و بەندایە» (وابرتون، ١٣٩١، ص: ١٦١) واتا مرۆڤ لە سروشتی خۆی خاوەن ئازادییە، بەڵام بەهۆی کەلتوور، نەریت و باوان، پەروەردە و کۆمەڵگا بەگشتی ئەو سروشتە دەشێوێنرێت و ئازادییەکانی لەدەستدەچێت. هەر ئەمەشە وا دەکات ئەو جەخت لە گەڕانەوە بۆ سروشتی مرۆیی بکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە بیرۆکەکانی لە ئاست تیۆری پەیوەست بە پەروەردە و فێربوون، لە کتێبی (ئیمێل) دایە، کە هەتا ئێستا جێی ئاماژە و گرنگییە. «ئەم تیۆرە لە دوو سەدە لەمەوبەرەوە رێگا خۆشکەر بووە بۆ توێژینەوە لە زەمینە و کایەی پەروەردە و فێربوون لە سەدەی بیستەمدا» (مۆگو، ١٩٩٠، لا:٤٥١)

یەکێك لەو شێواز و میتۆدانەی پەروەردە و فێرکردن، کە لە ئیمێڵدا خراوەتەڕوو شێوازی ئەزموونییە. دەتوانرێت

بگووترێـت لـە سـەدەی هەژدەهـەم و بـەر لـە کتێبـی ئیمێـل ناتوانرێـت بـاس لـە شـێواز و میتـۆدی ئەزمـوونی پەروەردەیـی بکرێـت. (دانایـی، اردبیـلی، ١٣٩٥، ص: ٢٢٤) لـە سـەدەی هەژدەهـەم لـە قوتابخانەکانـدا سیسـتەمی پـەروەردە و فێرکـردن لەسـەر بنەمـای تێڕوانینـی تیـۆری و پـەتی و دوور لـە ئەزمـوون بوونیـاد نرابـوون، بیرکردنـەوە، بەهـرە، تێڕوانیـن و خوولیایـی تاکەکـەسی لـەم نێوەنـدەدا هیـچ ڕۆڵێکی نەدەگێڕا. بە تێپەربـوونی کات، شـێوازی ئەزمووی وردەووردە شـێوێنی خـۆی کـردەوە. لـە دیـد و گۆشـەنیگای (مۆرنـە) «تەنهـا لـە دوای بەڵاوبوونـەوەی ئیمێلـەوە ئـەوە هاتۆتـەدی». (مۆرنـە، ١٩٥٠، لا:١٣٠) . ئـەو لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: «لـە کـردار و چـالاکی پـەروەردە و فێرکـردن بـەر لـە ڕۆسـۆ پشـت بـە ڕەوانبێـژی دەبەسـترا، کـە تەنهـا ڕەوانبێـژی بـە زمـانی فەرەنـسی و لاتینـی دەگرتەخـۆ». (مۆرنـە، ١٩٥٠، لا: ١٣٠)

لـە ڕاسـتیدا هـەروەك دەردەکەوێـت، ڕۆسـۆ یەکێکـە لـە ڕابـەرانی شـێواز و میتـۆدی ئەزمـوونی سـەدەی هەژدەهـەم، ئەو دژی وانـەی تیـۆری و پـەتی بـوو، جەخـت لـەوە دەکاتـەوە پێویسـتە فێرخـوازان وانـە پراکتیکییـەکان لـە ڕێگای ئەزموون و تاقیکردنـەوەوە فێربـن. «ئـەوە لـە یـاد مەکـەن، کـە لـە هەمـوو بوارەکانـدا پێویسـتە وانـەکان زیاتـر پراکتیـکی بـن، نـەك تیـۆری و قسـەکردن». (ڕۆسـۆ، ١٩٦٤، لا: ٩٢). تەنانـەت بـۆ ئـەوەی منـداڵان وێنایەکیـان دەربـارەی واتـا و چەمـکی پـەتی (خاوەندارێتـی) هەبێـت، ڕۆسـۆ پشـت بـە ئەزمـوون دەبەسـتێت. ئـەو دەرفـەت دەدات بـە ئیمێـڵ دەنکـە لۆبیـاکان لـە زەوییـەك، کـە پێشـتر کێڵـراوە بچێنێـت، ئاویـان بـدات، چێـژ لـە گەشـەی ئـەم دەنکـە لۆبیانـە وەربگرێـت. لێـرەدا ئەمـە بـۆ ئیمێـڵ ڕووندەکاتـەوە، کـە ئەمـە هـی ئـەوە و تێیدەگەییەنێـت، «کاتی خـۆی، هـەوڵ و تێکۆشـانی خـۆی، مانـدووونی خـۆی، لـە کۆتاییـدا بـوونی خـۆی خسـتۆتە ئـەو زەوییـەوە و ئـەوە شـتێکە، کـە هـی ئـەوە لـە زەوییەکەدایـە.» (ڕۆسـۆ، ١٩٦٤، لا:٢٠)

لـە دیـدی ڕۆسـۆ بێسـوودە بـۆ منـداڵ دەربـارەی ئـەو شـتانەی هەیـەتی بدوێیـن بەبـێ ئـەوەی منـداڵ بـە پراکتیـکی بیزانێـت، لەبەرچـی و چـۆن خـاوەنی ئـەو شـتانەیە. ناتوانیـن بـە منـداڵ بڵێیـن، ئەو خـاوەنی ئەوانەیـە، چونکـە ئەوانەمان پێـداوە. لێـرەدا بابـەتی خاوەندارێتـی دەروونی دێتـەدی، خاوەندارێتـی و هەبـوون پێداویسـتییەکانی بەخشـینن؛ کەواتـە پێویسـتە لەگـەڵ منـداڵ دەربـارەی بەخشـین بدوێیـن، کـە جۆرێکـە لـە ڕێککەوتـن، لـە کاتێکـدا منـداڵ هیـچ جـۆرە تێگەیشـتنێکی نییـە دەربـارەی پەیـمان و ڕێککەوتـن. لـە ڕاسـتیدا بـۆ ئـەوەی منـداڵ لـە واتـا و چەمـك گەلێـکی پـەتی، وەکـو (خاوەندارییـەت) تێبـگات، هیـچ دەرفـەت و ڕێگایـەك نییـە جگە لە ئەزمـوون. (دانایـی، اردبیـلی، ١٣٩٥، ص:٢٢٤) (ڕێشـبلاڤ)یش هاوڕایـە لەگـەڵ ڕۆسـۆ و دەڵێـت، ئێمـە هێنـدەی پێویسـت، هونـەری چۆنییـەی مامەمەڵەکـردن فێـری منـداڵان ناکەیـن و تەنهـا هـزری ئـەوان پـڕ دەکەیـن لـە زانسـتە تیۆرییـەکان. ئـەو تەنانـەت دەڵێـت: «لـەم ڕۆژگارەدا پێویسـتە بـە بـاشی و قوڵـی بڕوانینـە تێڕوانینـەکانی ڕۆسـۆ». (دانایـی، اردبیـلی، ١٣٩٥، ص:٢٢٥)

لـە ڕاسـتیدا لـە شـێوازی پـەروەردە و فێرکـردنی ئەزموونیانـەی ڕۆسـۆ، شـێواز و میتـۆدە نوێیـەکانی پـەروەردە و فێرکـردنی چالاکانـە و کردارییانـە دەخرێنـەڕوو، کـە «دەیەوێـت لـە منـداڵ تەکنیـك کارێـك بێنێتـەدی، کـە پشـتی بـە ئەزمـوون و لێهاتوویـەکانی خـۆی بەسـتووە» (سـیۆتارد، ١٩٩٤، لا:٨)

لـە ئێسـتادا شـێواز و پەروەردەیـی پراکتیکیانـە، کـە (دیـوی) بـە «فێرکـردن لـە ڕێـگای کارکـردن» نـاوی دەبـات و (مۆریـس دبـس) بـە نـاوی «بەکارهێنـانی میتـۆدی چالاکانـە» دەیناسـێنێت، بـە شـێواز و میتۆدێـکی گونجـاو دادەنرێـت بـۆ پەروەردەکـردنی منـداڵان لـە تەمـەنی چوونـە قوتابخانەیـان. (مۆریـس دبـس) لـەو باوەڕەدایـە فێرخـواز حـەز و ویسـتێکی دەروونی هەیـە بـۆ بەکارهێنـانی شـێوازی کـرداری و چالاکانـە، چونکـە لـە سروشـتی خۆیـدا پێویسـتی بـە

چالاکییـە، سـەرەڕای ئـەوە شـێواز و میتـۆدە کـرداری و بەرهەسـتەکان رێگـری دەکـەن لـەوەی منـداڵ بـێ تێگەیشـتن شـتەکان دەرخ بـکات. (دبـس، ١٩٥٦، لا:٨٥-٨٦).

هەروەهـا رۆسـۆ لەوباوەڕەدایـە و جەخـت لـەوە دەکاتـەوە، کـە هەرگیـز نابێـت منـداڵ فێربکرێـت، بەڵکـو پێویسـتە رێنوومایـی بکرێـت. پێویسـتە منـداڵ بخرێتـە چوارچێوەیـەکی سـنوور بـۆ دانـراو، بـۆ ئـەوەی خـۆی بتوانێـت وانەگەلێك بدۆزێتـەوە، کـە پێویسـتە فێـری ببێـت، بەبـێ ئـەوەی ئێمـە ئـەو وانانـە بخەینـە بەردەسـتی، واتـە هـاوکات لەگـەڵ ئـەوەی رێنوومایـی دەکەییـن پێویسـتە دەرفـەتی ئـەوەی بـۆ برەخسـێنین، کـە خـۆی حەقیقـەتی شـتەکان بدۆزێتـەوە. «مامۆسـتا زیاتـر لـەوەی بیەوێـت فیرکـەر بێـت، پێویسـتە رێنوومابیکـەر بێـت، ئـەو بـە هیـچ شـێوەیەك نابێـت حەقیقەتـەکان دەربرێـت، بەڵکـو پێویسـتە رێگای گەیشـتن بـە حەقیقەتـەکان پێشـکەش بـکات». (رۆسـۆ، ١٩٦٤، لا:٢٦) ئـەوە روون و ئاشـکرایە هـەر وەك (ویسـەر)یش ئامـاژەی پێـدەدات، «رۆسـۆ دژی شـێوازی پـەروەردە و فێرکردنێکـە، کـە لەسـەر بنەمـای گواسـتنەوەی زانیارییـەکان بوونیـاد دەنرێـت» (ویسـەر، ٢٠٠٤، لا:٩).

## تەوەرە دووەم:

### هەنگاوەکانی پەروەردەیی سروشتیانەی منداڵ :

رۆسـۆ لـە سیسـتەمە پەروەردەییەکەییـدا بەشـێوەیەکی گشـتی داکـۆکی لـە پەروەردەییـەکی سروشـتیانە کردۆتـەوە، گەرانـەوە بـۆ سروشـتی کـردووە بـە بناغـەی دەسـتپێکردنی پەروەردەکـردن. جـا بـۆ ئـەوەی لـە دەقـی خۆیـەوە لـە چییـەتی پەیامـە پەروەردەییەکـەی تێبگەییـن، پێویسـتە بەپێـی ئـەو قۆناغانـەی ئـەو خسـتوویەتییەڕوو هەنـگاو بنێیـن. رەخنە لە بنەماکان پەروەردەی تیۆری و ترادیشنال:

هـەروەك پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا (رۆسـۆ) لـە شـاکارە بەناوبانگەکـەی (ئێمیـل)دا بـاس لـە پەروەردەکـردنی منداڵێکی سـاوا بەنـاوی (ئێمیـل) دەکات، تـا پێگەیشـتن و گەیانـدنی بـە ئاسـتی گەنجێـکی بەهێـزی حەقیقەتـزان، کـە لـە تـەواوی ئـەو گەندەڵیانـە دوورە دامێنـی مرۆیـان گرتـووە. بـە بۆچـوونی ئـەو شـێوازی پەروەردەیـی ئێمـە بـۆ منداڵەکانمـان هەڵەیـە، چونکـە «کاتێـك منـداڵ لەدایکدەبێـت بێکەمووکورییـە، بـەڵام هـەر گەیشـتە دەسـتی وەچـەی مـرۆڤ دەسـتدەکات بەگۆرینـی فۆرمـی سـەرەکی ئـەو منداڵـە و لـە شـێوازە بنەڕەتییەکـەی دەیگـۆڕێ و فۆرمـی سروشـتیی ئـەو دەشـێوێنێ؛ وەکـو ئـەوەی بییەوێـت منداڵەکـەی لـە شـێوەی بەچکـە ئەسـپێك پـەروەردە بـکات بـۆ ئـەوەی کەڵـکی غـار غارێنـی هەبێـت، چـۆن خـۆی پێـی باشـە و حـەزی لێیـە وەهـا دەربچێـت. جـا بۆیـە پـەروەردە پێویسـتە لەبەرئـەوەی گـەر نەبێـت رەوش و بارودۆخـمان زۆر لـەوە خراپـتر دەبێـت کـە هەیـە. ئەگـەر منداڵێـك پـەروەردە و چاودێـری نەکەییـن و ڕادەسـتی رەوش و بارودۆخـی بکەیـن، بـێ هیـچ بەرچاورۆشـنی و هـاوکاری و رێنوومایيـەك، بەلارێـدا دەبرێـت، بێگومـان لـە هەمـووان چارەڕەشـتر دەبێـت؛ چونکـە بیروبـاوەری کۆنەپەرسـتی، لاسـاییکردنەوە و رۆڵ و کاریگـەری ئـەو دابوونەریتانـەی تێیـدا نوقـم بووینەتـەوە، بنەمـا و سـتەرەکچەرە سروشـتییەکانی ئـەو لەناودەبـەن». (رۆسـۆ، ٢٠٠٨، لا:٣٠) چونکـە منـداڵ کاتێـك لەدایـك دەبێـت لـە هەمـوو روویەکـەوە بێهێـزە، تەنانـەت لـە بێچـوی گیانلەبـەرەکانی تریـش بێهێزتـرە ، بۆیـە پێویسـتی بـە یارمەتییـەکی لەرادەبـەدەر هەیـە. (فەرهـادی، ٢٠٠٦، لا:٦٩).

ئـەوە روون و ئاشـکرایە مەبەسـتی رۆسـۆ لـە پەروەردەکـردنی سروشـتیانە وازهێنـان و بێخەمبـوون لێـی نییـە، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە لـە نێـو سیسـتەمێکی پـاراو و رێکوپێـك پێویسـتە چاودێـری هەمـوو هەنـگاوەکانی منـداڵ بکرێـت، بـەڵام بـە لەبەرچاوگرتنـی سروشـتی منداڵەکـە و هەوڵـدان بـۆ رەخسـاندنی زەمینـە و دەرفەتێـك، کـە بتوانێـت خـۆی

تێدا رۆڵ بگێرێت. هەروەکو خۆدی رۆسۆ ئاماژەی پێدەکات «ئەگەر دەتانەوێت مرۆڤ فۆرمی سەرەکی خۆی لەدەستنەدات، هەر لە یەکەم ساتی لە دایکبوونەوە ئەو فۆرمەی بپارێزن، هەر لە سەرەتایی لەدایکبوونییەوە چاوتان بەسەر منداڵەکەوە بێت و لێی خافڵ مەبن. هەتا ئەو دەمەیی پوختە دەبێت، بێجگە لەمە رێگەیەکی دیکە نییە بۆ سەرکەوتن. هەروەها باشترین دایەن دایکە و باشترین مامۆستاش باوکە، ئەم دوانەش دەبێت لە دابەشکردنی کارو شێوەی بەرێوەبردنیدا رێککەون، منداڵ راستەوخۆ دەبێت لە مامۆستاکەیەوە بدرێتە مامۆستایی دووەم. باوکی ژیر، بەڵام بێزانیاری لە باشترین و کارامەترین مامۆستاکان باشتر منداڵ پەروەردە دەکات، چونکە خۆشەویستی و هۆگری ئەو قەرەبووی نەبوونی زانستەکەیی دەکاتەوە، لە کاتێکدا زانست ناتوانێ جێگەی خوشەویستیی و هۆگریی پڕبکاتەوە» (رۆسۆ، ٢٠٠٨، ل:٥٣-٥٤)

رۆسۆ زۆر ورد دەروانێتە سروشت و بوونیادی مروڤ، لەوە زۆر باش تێگەیشتووە بنەماکانی خراپە و گەندەڵی نێو کۆمەڵگا لە پەروەردەیی ناتەندرووستەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر مەبەست و ئامانجی چاکسازی لە وەها سیستەمێك هەبێت، بێ دوو دڵی پێویستە لە هەنگاوی یەکەمەوە چاك بکرێتەوە، واتە پەروەردەی منداڵ بەردی بناغەی بوونیادنانی کۆمەڵگا و داهاتووە. هەر وەکو لەنێو ئێمەی کورددا باوە «بەردی یەکەم، کە داینا وەستا لار..... تا ئاسمان دەڕوا دیوار خوار»؛ کەواتە پەروەردەکردنی منداڵ بەشێکی گرنگ و پڕبایەخی ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێت و منالان بوونیادنەرانی دوارۆژی وڵاتن. بۆیە ئەو کەسانەیی بەرپرسیارن لە پەروەردەیی منداڵان دەبێت ئاگاداری رۆڵەکانیان بن، چونکە ئەگەر منداڵ خراپ پەروەردە کرا ، ئەوا دووبارە پەروەردەکردنی تاڕادەیەك ئەستەم دەبێت (مکارنکۆ، ٢٠٠٦، ل:١٠)

رۆسۆ هاوکات داوا لە دایك و باوکان دەکات لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان ئاگاداری هەندێ بیروباوەر و نەریتی کۆنەپەرستانە بن و خۆیان لێ بەدوور بگرن. لەوانە هەرکە منداڵ لە دایکدەبێت ئەوا خێرا زۆر بەتوندی لە پارچە ئاوریشمێك دەیپێچن. یان هەندێ لە مامانەکان سەری منداڵ دەگوشن بۆ ئەوەی فۆرمێکی رێکتر وەرگرێ، وەك ئەوەی خولقێنەری کەون سەری ئێمەی بە باش دروست نەکردبێت. کاتێ منداڵ لەدایکدەبێت پێویستی بە جوڵەیە، چونکە دەمێکە ئەو لە زگی دایکیدا گرمۆڵە بووە، بەڵام وەکوو ئەوەی ئێمە بترسین یان نەمانەوێ منداڵەکەمان بە زیندوویی ببینین خێرا دەیان پێچین، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە بەم پێچانەوەیەی ڕەنگە نەهێڵین خوێن بە جوانی جوڵەی خۆی بکات، ناهێڵین بۆخۆی هەڵبداو گەشە بکات زیان بە بوونیادی جەستەیی ئەو دەگەیەنین . یان دایك ئامادە نییە شیربدا بە کۆرپەکەی بۆ ئەم مەبەستە دایەن بەکرێ دەگرێ (رۆسۆ، ٢٠٠٨، ل:٥٣-٥٤).

گومانی تێدا نییە پەروەردەی دروست پێویستی بە پەروەردەکەری دروستیش هەیە، هەر ئەمەشە وای کردووە رۆسۆ رووی گوفتاری بکاتە خیزان، ئاماژە بەوە بدات کۆمەڵێك لەو خوورەوشت و نەریت و کەلتوورەی باون لە نێو کۆمەڵگا هیچ بنەمایەکی زانستی و ئەقڵانی نییە و تەنها کۆمەڵێك خووراڤە و کرداری هەڵەن، کە پێویستە دووربخرێنەوە. رۆسۆ لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەو هۆگری و هەستە خۆنەویستانەیە دەکات، کە باوان هەیانە لە بەرامبەر رۆڵەکانیان، «ئەو کەسەی خۆی لە ئەرکی پەروەردەی رۆڵەکانی دەدزێتەوە دواجار هەر خۆیەتی فرمێسکی پەشیمانی دەبارێنی و بە هیچ شتێك سووکنایی نایەت» (رۆسۆ، ٢٠٠٨، ل:٥٥-٥٦).

پەروەردەی سروشتیانە:

رۆسۆ لەو باوەڕەدایە پێش دەست پێکی پەروەردەیی منداڵ، دەبێت سروشتی منداڵ و ئەوەی خواوەند لە

ناخیدا چاندویەتی بە باشی بناسین. هەر تەمەنێك پێویستییەكی هەیە و هەر كەسێكیش كارامەیەكی تایبەتی هەیە. هەر مرۆڤێكیش هەماهەنگ لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە سروشتیانەیی هەیەتی پێویستە هەڵسوكەوتی لەگەڵدا بكرێت (حسێنی، ئایدیا: ٢٥، لا: ١٢٤).

گەر بە وردی بڕوانین ئەوە دەبینین ڕۆسۆ ڕۆڵی سروشت تاقی دەكاتەوە. سروشت لە بری ئەوەی یەكێك بێت لە پرەنسیپەكان، دەبێت بە تاكە پرەنسیپ؛ كەواتە لای رۆسۆ سروشت دەبێتە سەرچاوە و بناغە (رەفیق، ٢٠٠٦، لا:٣١٧). بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕۆڵی سروشتی زۆر كارا لەبواری پەروەردە وەسفكردووە، لەهەمان كاتدا كۆمەڵگاشی وەكو ژێرخانێك بۆ ئەم مەبەستە تەرخان كردووە؛ كەواتە بۆ ئەوەی منداڵ ژیانێكی گونجاو بژی و گەشەبكات و خوورەوشتی باش فێرببێت دەبێ كۆمەڵگایەكی چاكی هەبێت (الحنفی، ١٩٩٩، لا:٦٦٨-٦٦٩).

منداڵ كاتێك گەشەی جەستەیی كارابوو هاوكات دەبێت پەروەردەیی رۆحی ئەو منداڵەش فەرامۆش نەكرێت، بەڵام نابێت ئەوە لەبیربكرێت، پێویستە منداڵ تاكە شتێك، كە خووی پێوە بگرێ ئەوە بێت، كە خوو بەهیچ شتێكی تروە نەگرێ . پێویستە منداڵ چاوكراوە بێت و خۆی ئەزموونی شتەكان بكات، ترسینۆك نەبێت و خۆی رابێنێت لەگەڵ ئەو شتانەی لە دەوروبەری دان. «با منداڵ ترسی لە ئاژەڵ و لە دەمامك نەبێت، چونكە كەسێكی ترسنۆكی لێ دەردەچێت، با وردەووردە لەگەڵ دەنگی گەورە و زل ئاشنایان بكەیین بۆ ئەوەی لێی نەترسن. هەروەها ئەوان پێویستە فێری ئەوە بكرێن، كە هەست بە گەرمی، ساردی، تەڕی، قورسی، نەرمی و رەقی شتەكان بكەن. هەوڵ بدەن منداڵ بگێڕن، سەیران و گەڕانیان پێ بكەن، بۆ ئەوەی بتوانن مەوداكانی هەڵ بسەنگێنن» (رۆسۆ، ٢٠٠٨، لا:٧٥-٧٧).

شتێك سەرنج رادەكێشێت باس كردنی خوورەوشتێكی مرۆڤە، كە بریتییە لە سنووربەزاندنی ئەو رەوش و دەرفەتەی بۆی دەرەخسێت. زۆرجار لە پارانەوەوە دەست پێدەكات، بەڵام گەر بزانێت بۆی دەلوێت بەردەوام دەبێت تا رادەی فەرمانـدان. ئەمە بە جوانی لەم دەقە بەرچاو دەكەوێت «ڕەنگە یەكەمین گریانی منداڵ نیشانەیی پارانەوەی بێت، بەڵام ئەگەر خۆنەپارێزن لەوانەیە نیشانەی فرمانپێدان بێت.... لەگەڵ ئەوەش دەبێ زۆر زوو لەگەڵ ئەوە ڕابهێنرێن، كە فرمان بەسەر كەسی تردا نەدەن، لەبەرئەوەی سەروەری ئەوان نین، هەروەها فرمان بەسەر شتەكانیش نەدات، چونكە ئەوان لێی تێناگەن.....جا بۆیە پێویستە ئاگاداربین، لەبەرئەوەی منداڵان، كە دەبینن فرمێسكەكانیان ئەوەندە كاریگەرن، بۆچی نەگرین؟.... ئەو گریانە بێبڕانەوەیەی منداڵیك، كە نە مەلۆتكەیە و نە نەخۆشە و هەموو شتێكی دابینە، جیا لە خووخدە و لاساری هۆكارێكی دیكەیی نییە. ئەوە سروشت نییە بەدیهێنەری ئەم گریانەیە، بەڵكو دایەنەكەیەتی «.(رۆسۆ، ٢٠٠٨، لا:٨٠-٨٣).

كاتێ منداڵێك زیانی پێ دەگا پێویستە بەرگە بگرێت، چەندە بەدەوری دابێی، ئەو ترسەكەی پتر دەبێت و وای لێ دێت، كە زیانی ترسەكەی زۆر زیاتر بێت لە زیانی ژانەكەی. كەواتە ئێمە لە هەڵەداییـن بۆ مەبەستی پاراستنی ئەو منداڵە ئامرازی جۆراوجۆری بە دەوردا كۆبكەینەوە. لە راستیدا ئێمە لەبری ئەوەی لە مەترسی دووری بخەینەوە، ترس دەخەینە دڵ و دەروونی و تاكێكی ترسینۆك پەروەردە دەكەیین، چونكە ئەم جۆرە منداڵە، كە گەورەبوو لە بەرامبەر ئازار و ژانەكاندا داماو دەبێت و پەكی دەكەوێت. دەرەنجامی ئەم كارە كەسێكی لێ دەكەوێتەوە: «نە غیرەت و نە ئەزموونی دەبێت، نووكێكی تیژ یان چزویەكی بەركەوێ وادەزانێت دەمرێ و بە بینینی دڵۆپێك خوێنی خۆی دەبوورێتەوە» (رۆسۆ، ٢٠٠٨،لا: ٨٧-٨٨).

یەكێك لە خاڵە هەرە گرنگەكان، كە رۆسۆ ئاماژەی پێ دەدات روانینێكی واقعیانەیە بۆ مرۆڤ، هەندێك هەڵە

لـە ڕەفتـار و کـردارەکان هـەن، کـە لـە بەرئەنجامـی خوێندنـەوەی ناواقعیانـە بـۆ ڕەوش، تەمـەن و توانایـی تێگەیشـتنی منـداڵ دەکەونـەوە. ڕۆسـۆ ئامـاژە بـەوە دەدات «پێویسـتە لەگـەڵ گـەورە، وەکـو گـەورە و لەگـەڵ منداڵیـش، وەکـو منـداڵ هەڵسـوکەوت بکەییـن. بـۆ بەختـەوەری مـرۆڤ تاکـە شـتێک ئێمـە لـە دەسـتمان دێ ئەوەیـە، هـەر کەسـە پێگـەی شـیاوی خـۆی پـێ بدەییـن. بـا ئـەوە بکەییـن، کـە دەبێتـە هـۆی ڕێکخسـتنی پێداویسـتییە جەسـتەیی و دەروونییەکانـی. ئەمـە ئـەو شتەیە لـە دەسـتی ئێمـە دایـە. ئـەوەشی دەمێنێتـەوە تایبەتـە بـە فاکتـەری دەرەکی، کـە لـە دەسـتی ئێمـەدا نییـە» (ڕۆسـۆ، ٢٠٠٨،لا: ٩٣).

هەمـوو ئـەو کار و ڕێنوومایانـەی لـە پێشـترەوە ئاماژەیـان پێـدرا، گـەر لـە پەروەردەیـی منـداڵ جێبەجـێ بکـرێ دەبێتەهـۆی بەدیهێنـانی ورەبـەرزی لـە منداڵـدا. «بـە پێویسـتیشی دەزانیـن منداڵێـکی ورە بـەرز بـۆ جیهـان و ژیـان بەرهـەم بێنیـن. منداڵێـك ناچـار بـە هیـچ شـتێ نەکـراوە، هەرکـە حـەزی کـرد هـاوار ئـەکا حیندەرحۆ ئـەکا قەڵەمبـازە... ئەمانـەش جەسـتەیی بچـووکی ئـەو بەهێـز دەکەن»(ڕۆسـۆ، ٢٠٠٨،لا: ٩٦).

شـتێکی گەمژانەیـە ئێمـەی گـەورە سـاڵان هەوڵدەدەییـن منداڵـەکان وا ڕابێنیـن، کـە شـێوەی بیرکردنەوەیـی ئێمەیـان هەبـێ، چونکـە ئێمـە چـاوەڕوانی شـتێکی لـێ دەکەیـن، کـە بـۆ ئـەو گونجـاو نییـە و لـە دەرەوەی توانـاکانی ئـەوە. زۆربـەی کات مرۆڤـی کامـڵ لـە چـاو کامڵـی و حـەز و ئـارەزووەکانی خـۆی دەروانێتـە منداڵێـك، بۆیـە هەوڵدەدەییـن منداڵێـکی قسـەگەورە لـە شـێوەی بەتەمەنێـك بێنینـە کایـەوە، کـە بـە تـەواوەتی لەگـەڵ سروشـتی ئـەو ناتەبایـە. لەکاتێکـدا پێویسـتە بەپێـی تەمـەن هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ مروڤـدا بکرێـت. ئەمـە دەبێتـە نـا هاوسـەنگی و ناتەبایـی لـە دەروونی مـرۆڤ، ئـەم دیاردەیـە لـە نێـو کۆمەڵـگای ئێمـەدا دەبینرێـت. منداڵێـك لـە بـری وێنەکێشـان و یاریکـردن، دەبێتـە شرۆڤـەکاری سیاسی و ڕەخنەگـری کۆمەڵایـەتی، خـۆی لـە بابەتێـك هەڵەقورتێنـێ، کـە نـە لێـی تێـدەگات نـە لەگـەڵ سروشـتی منداڵـی ئـەودا دەگونجێـت. ئـەو منداڵـە گـەورە کـراوە بـێ بـەش دەکرێـت لـە چێـژی منداڵـی. ئـەوش بەواتـای ئـەوەی منداڵـی بـۆ خـۆی خـاوەنی بەهـای خۆیـەتی. منـداڵ گـەورە سـاڵێکی بچـوك نییـە. «هیـچ شـتێ لـەوە خراپـتر نییـە لـە پـەروەردەدا، کـە منـداڵ لـە نێـوان ئـەو شـتەی خـۆی دەیـەوێ لەگـەڵ ئـەوەی تـۆ گەرەکتـە، واق وڕمـاو و دوودڵ بێـت، بۆیـە تکایـە بـۆ ئـەوەی لـە دەروون و حـەزی منـداڵ تێبگەیـن لـە سروشـت وردبنـەوە چاکترینیانە»(ڕۆسـۆ، ٢٠٠٨،لا: ١٠٩) .

گـەر ویسـتتان منـداڵ فێـری هەنـدێ بنەمـای ئەخلاقـی کۆمەڵایـەتی بکـەن ڕێوشـوێنی تایبـەتی دەوێ، چونکـە ئـەم بنەمایانـە لـە پـەروەردەدا ئـەرك و ڕۆڵـی سـەرەکی دەگێـڕن. بـۆ نموونـە بـا منـداڵ فێـری ئـەوە بکەییـن درۆ نـەکات. منـداڵ کاتێـك فێـری درۆ دەبێـت، کـە تـرسی هەبێـت لـە گووتنـی ڕاسـتی، یـان بزانێـت بەرژەوەندییـەکی دەسـت دەکـەوێ لـە بەرامبـەر درۆکـەدا. ڕۆسـۆ لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: «کاتـێ چـاوی تـۆ دیارنییـە لـە شـوێنێك کارێـکی چـەوت دەکـرێ هەرگیـز ئـەو منداڵـە تاوانبـار مەکـە و لێشی مەپرسـە، ئایـا تـۆ ئـەم کارەت کـردووە؟ چونکـە منـداڵ بـەم جـۆرە لێبرسینەوانەی تـۆ فێـری ئـەوە دەبێـت نکوڵـی و حاشـا لـە شـت بکات»(ڕۆسـۆ، ٢٠٠٨،لا:١١٩).

قۆناغەکانی پەروەردە و فێرکردن:

شـتێك سـەرنج ڕادەکێشـێت لـەم نێوەنـدا تێروانینێـکی تـەواو جیـاوازی ڕۆسـۆیە لەمـەر خوێنـدن و زمانـەوە. ئـەو دەڵێـت: «بـا منـداڵ لـەو تەمەنـە بچوکەیـدا فێـری زمـانی تـر نەکەیـن، چونکـە لـە پـەروەردەدا کات بەفیرۆدانـە و شـتێکی بێمانایـە، یـان منـداڵ بـا تـا تەمـەنی ١٢ سـاڵی فێـری خوێنـدنی نەکەییـن، چونکـە تـا ئـەو تەمەنـە ئەوەیـی لـە بـارەی خوێندنەوەیـی کتێـب دەسـتی ئەکـەوێ ئاکامێـکی بـۆ ئەونییـە، چونکـە لـەو تەمەنـە بچوکـەدا خوێنـدن منـداڵ

تووشی خەمۆکی و شەکەتی دەکات. لەجیاتی ئەوە منداڵ فێری وەرزش بکەن، وەرزشێك جەستەیی ئەوان بەهێز بکات، وەکو مەلەکردن، ڕاکردن و بازدان. هەروەها منداڵ پێویستی زۆر بە خەویشە، بەڵام لە هەمان کاتدا با جارجارێ لە جێگایی ناخۆش بخەون، بۆ یارمەتی جەستەیان بۆ ئەوەی ترسی سەرمایان نەبێت»(ڕۆسۆ، ٢٠٠٨،لا: ١٤٢)

هەموو ئەو شتانەی هەتا ئێستا ئاماژەمان پێدان پێویستە لەبەرچاوبگیرێن بۆ منداڵانی خوار تەمەن ١٢ ساڵ، بەڵام کاتێ تەمەنی منداڵەکانمان گەشت بە تەمەنی دیایکراو ئەوا تا تەمەنی ١٥ساڵی ڕەوشی پەروەردەیی ئەو پێویستە گۆڕانی بەسەردا بێت و لەگەڵ سروشت و حەز و ویستەکانی تەمەنەکەیی هەنگاو بنێین؛ بۆ ئەوەی هاوکات لەگەڵ ئەو پەروەردە نوێیەدا فێربوونی نوێ بێتە ئاراوە، چونکە ئەمە قۆناغی بیرکردنەوە، خوێندن، کارکردن و فێربوونە، کە ئەمەش هەم دیسان لە ژێر کاریگەری سروشتە. «لەم تەمەنەدا بابەتی دیراسی ئەو دەبێ جوگرافیا و فەلەك و جەبرو سروشت بێت، شێوەی وانە وتنەوە بە بەردەوامی کارکردن بێت» (محسن، ٢٠٠٦، لا:١٢٦) .

تەمەنی منداڵ لە (١٢ تا ١٣) ساڵی وزەی زۆر زیاد دەبێ، بۆیە پێویستە ئەم وزەیەش بۆ فێربوون تەرخان بکرێ، بەڵام ئاگاداربن هەموو فێربونێك نا، تەنها ئەو فێربوونانەی لەو تەمەنەیدا بە کەڵکن تەواوی فێربونەکانی تر هەڵگرن بۆ ئەو کاتەی، کە هزری منداڵ تەواو کەماڵ و پوختەیە. لە یەکەمین چالاکیەکانی مێشك، دەبێ هەستەکانمان ڕێنوێنی کارەکانمان بن. ڕووداوەکان با بۆ منداڵ مامۆستا بن و جیهانیش بۆ ئەو کتێبێك بێت. وابکەن منداڵەکانتان سەرنج بدەنە گۆڕانەکانی سروشت و لێیان وردبێتەوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە گورجوگۆڵتر بن.

زانستێك لەم تەمەنەدا شیاوە منداڵ فێری ببێت جوگرافیایە. پێویستە منداڵان لە کەشوهەوایەکی خۆش ببرێنە دەرەوە بۆ ئەوەی تەواوی دیمەنە جوانانەکانی سروشت ببینن، هیچ شتێکیان بۆ ڕوونمەکەنەوە، بهێڵن خۆیان لە مانای هەموو شتێ تێبگەن و بیربکەنەوە، بۆ ئەوەی منداڵ خوو بەوە بگرێ، کە خۆی دەتونێت و لە تواناییدا هەیە حەقیقەت بدۆزێتەوە. فێربونی بابەت و زانیاری زۆر لە تێڕوانینەکانی ڕۆسۆ لەمەر پەروەردە و فێرکردن شتێك نییە قسەی لەسەر بکرێ و جێی گرنگییەکی ئەوتۆ بێت، چونکە ئەو جگە لەبیرو هزریکی درووست هیچی تری ناوێت. ئەو بۆی گرنگ نییە قوتابییەکەی هیچ نەزانێ، بەڵام ئەوەی گەرەکێتی ئەوەیە، بەهەڵەدا نەچێت.

ئێستا ئیتر منداڵ پێویستە لەنێو کۆمەڵگادا بژی. بۆ ئەوەی سەرنجی بڕوا بۆ لای پیشە و هونەرە دەستییەکان. ئەوەی ڕۆسۆ مەبەستێتی ئەوەنییە، کە منداڵ فێری هونەر بکەین، بەڵکو مەبەستی ئەو فێرکردن و دەسترەنگینی پراکتیکیانەیە لە پیشەیەکدا. دەبێت کارێک بۆ گەنجان لە بەرچاوبگرین، کە لەگەڵ ڕەوش و تەمەنیان گونجاوبێت. «هەر کارێکمان هەڵبژارد دەبێ پاك و خاوێنی و جوانی لەبەرچاوبگرین. نابێ گوێ بۆ قسەی خەڵکی شل بکەین. دەبێت مل بۆ زەوقی ئیشەکەت رابکێشی»(ڕۆسۆ، ٢٠٠٨،لا: ٢١٦-٢١٧).

کاتێکە منداڵ تەمەنی گەیشت بە ١٥ساڵ، ئیتر ئەو منداڵ نییە، زانیاریەکانی ئەو سروشتی و تەواو ئۆبجەکتیڤن، گەندەڵی ئەخلاقی نییە، تەنیا ئەو «گەندەڵیانە نەبێ کە هیچ کامێکیان لێی بێبەش نین، جەستەیەکی ساڵم و تۆکمەی هەیە هزرێکی جوان و کەسێکی چووست و چالاك، دلێکی سەربەست، ئێستا ئێمە منداڵێکی لەو جۆرەمان پەروەردە کردووە پێیناوەتە نێو تەمەنی ١٥ساڵی» (ڕۆسۆ، ٢٠٠٨،لا: ٢٣٠-٢٣٢).

ئێستا ئیتر لاوێك بوونی هەیە، بەڵام پەروەردەیی تری سەرەکی ماون، کە تایبەتن بەم قۆناغە لەوانە پەروەردەی ئایینی. لێرە بە دواوە پەردە لەسەر هەندێ لە نهێنییەکان لادەدرێت، جۆری بابەت و مامەڵەکردن لە منداڵێکەوە دەگۆڕێت بۆ لاوێکی تازە پێگەیشتوو، چونکە سروشتی رۆحی و جەستەییەکانی گۆرانیان بەسەردا هاتووە، بەپێی گۆڕانی ئەم سروشتەشەوە حەز و ویست، ئارەزووەکان، شێوەی تێڕوانین و گۆشەنیگاکانی لەمەر ژیان، هەڵکەوتی لە ئارادا بوو و مامەڵەی لەگەڵ کەسانی تر دەگۆڕێت. سەرەتا ناکرێ منداڵ زوو لەگەڵ هەندێ لە نهێنییەکانی سێکس ئاشنابکرێت، ئەگەر تەنانەت پرسیاریش بکەن چاکتر وایە وەڵامیان نەدرێتەوە نەك درۆیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە هەندێ قسە و گاڵتە، ڕەنگە ببنە هۆی گەندەڵی ئەخلاق. دەبێ ئەو فێری هەستی بەزەیی و هاوخەمی مرۆڤایەتی بکرێ. بەگشتی ئەتوانین سی بریاڕی گرنگ دەست نیشان بکەین لەم قۆناغەدا:

- دڵی مرۆڤ جۆرێکە ناتوانێ خۆی لە جێگای ئەو کەسانە دابنێ، کە لەخۆی بەختەوەرترن، بەڵکو خۆی لە جیاتی ئەوانە دادەنێ، کە لەخۆی چارەڕەشترن.
- مرۆڤ لەبەرئەوە پەرۆشی ئازارەکانی خەڵك دەبێت، چونکە ڕەنگە بەسەر خۆشیدا بێت.
- ئەو بەزەییەی مرۆڤ دەرحەق بە چارەرەشان هەیەتی بەڕادەیی ئازارەکانیان نییە، بەڵکو بە ڕادەی ئەو هەستکردنەیە، کە سەبارەت بەوان هەیەتی (رۆسۆ، ٢٠٠٨،لا: ٢٤٠).

کاتێك تێگەیشتین، کە هێزی دەروونی و هزری ئەو لاوە تەواو کامڵ و پووختە، ئینجا پێویستە لە پەروەردەی ئایینیشی دڵنیاببینەوە، دەربارەی شتگەلێکی ئەبستراکتی وەکو: رۆح، جەوهەر و خودێتی خودا دەدوێین. رۆسۆ لەبارەی دواخستنی پەروەردەی ئایینی دەڵێت: «لاتان سەیر نەبێ، ئێمە لە سەرەتاوە باسی پەروەردەی ئایینیمان نەکردووە، چونکە منداڵ تا تەمەنی ١٥ ساڵی نازانی رۆحی هەیە، تەنانەت بگرە لە ١٨ساڵیش ڕەنگە بۆ ئەو زووبێ ترسی ئەوەش هەیە هەر لێی تێنەگا» (رۆسۆ، ٢٠٠٨،لا:٢٦٣). رۆسۆ دەست دەخاتە سەر خاڵێکی زۆر گرنگ، کە لە شایانی ئەزموون و تەنانەت لێکدانەوەی ئەقڵی و بەڵگەیی نین، بۆیە چرپاندنی ئەم نهێنی و بابەتە شاراوانە پەیوەستن بە باوەرهێنانەوە. باوەرهێنانیش شتێك نییە بکرێت بسەپێنرێت، بەڵکو پێویستە لە تەمەنی کامڵی بەشێوەیەکی خۆویستانە پەسند بکرێت. ئەو لەمبارەیەوە دەڵێت «ئەگەر چاوەڕێی تەمەنێکی وابکەین مرۆڤ هزری هێندە کامڵ بێ و لەم نهێنیانە تێ بگات، دەبێ چاوەڕێی بکەین تا ئەو کەسە دەمرێ، لەبەر ئەوەی نهێنییەکان هەندە قوڵن نەك هەر مەحاڵە لێیان تێبگەیین، بەڵکو باوەر پێهێنانیشیان ئەستەمە. دەبێ منداڵ بۆ خۆشی ئەوە بزانێ هەندێ لە نهێنییەکان مەحاڵە لێیان تێبگات. منداڵێك پەروەردە بکەن هیچ کات سەبارەت بە سیفەتەکانی خودا بیری چەوت و خراپ نەکات و لە هەمان کاتدا بە جۆرێ ڕای بێنین، کە گەورەبوو ئایینێك هەڵبژێرێ، کە عەقڵی خۆی پەسەندی دەکات».(رۆسۆ، ٢٠٠٨،لا: ٢٦٦-٢٦٧).

وەك لە دەقەکانی رۆسۆوە دەردەکەوێ ئەو دەیەوێت بڵێت، کەواتە ئەی مرۆڤ !مرۆڤ بە! لە سروشتی راستەقینەی خۆت، کە لە ناخ و گەردووندایە لامەدە، ئەمە یەکەم فرمانی تۆیە منداڵت خۆش بوێت، دەرفەت بە یارییەکانی بدە، یارمەتی ئاوەڵابوونی شادوومانی و ڕەمەکەکانی بدە، کێ هەیە هەندێ جار تاسەی گەڕانەوەی بۆ ئەم تەمەنە نەکردبێ، کە تێیدا لێوی منداڵ تەنها بزە و دەروونیشی تەنها شادی دەناسێ؟ (جەلال، ٢٠٠٧، لا:١٠٦)

## ئەنجام:

• دوور نارۆیین گەر بڵێین ئەو سیستەمە پەروەردەییەی رۆسۆ بوونیادی دەنێت کاریگەری نوێگەرییەکانی سەردەمی رۆشنگەری پێوە دیارە. هاوکات نابێ ئەوە لە یادبکەیین پەرچەکردارێکیشە لە بەرامبەر شێوازی پەروەردەیی کلاسیکی و ترادیشنال و ئەو لایەنە خراپانەی لەو سەردەمەدا لە نەریتی باوی پەروەردەدا هەبوون.

• لە دیدی رۆسۆ ئامانج و مەبەستی پەروەردە و فێرکردن پارێزگاری کردنە لە سروشتی باش و ئازادی منداڵ، بە خورسکی مانەوەیە لەبەرامبەر خراپەی ژینگەیی کۆمەڵایەتی، کە رەسەنێتی ناخ و سروشتی مرۆڤ دەشێوێنێت. ئەمە روانینی پۆزەتیڤانەی ئەو بەدیار دەخات لەمەر خودێتی مرۆڤ.

• قوناغی منداڵی گرنگترین و کاریگەرترین قوناغە لە پرۆسەی پەروەردەدا، چۆن بنەخشێنرێت هەمان رەوت بەردەوام دەبێت، بۆیە پێویستە ئاگامەندانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

• پێویستە ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی دەبنە هۆی ئەوەی منداڵ لە سروشتی خۆی لابدات و بە پێچەوانەیی مەیلە دەروونییەکانیی ئاراستە بکرێت، تا ئەو شوێنەی دەتوانرێت بنەبڕ بکرێن.

• ئەزموون و بەشداری پراکتیکی کاریگەری زیاترە و بەهرەکانی فێرخواز بەدیاردەخات، لە کاتێکدا وانە تیۆرییەکان جگە لە لەبەرکردنێکی کاتی هیچتر نین و هیچ سوودێکی ئەوتۆ بە منداڵ ناگەیەنن.

• مروڤی کامڵ مرۆڤێکە لە منداڵیدا منداڵێتی کردبێت، لە مێرمنداڵی و هەرزەکاری کردبێت و لە گەنجی و پێگەیشتوویش ژیرانە مامەڵە بکات. نابێت منداڵ گەورە بکرێت و گەورە بچووك، ئەمە بە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤەیە و قێزەونە.

لە تێڕامان بۆ فەلسەفەی پەروەردەی رۆسۆ دەتوانین بەشێک لەو کەلێنانەی هەنووکە لە سیستەمی پەروەردەی لە ئارادابوودا هەن بدۆزینەوە و چاکسازیان تێدا بکەیین.

بە روانین بۆ سیستەمی پەروەردەیەک، کە رۆسۆ دایدەرێژێ لەوە تێدەگەیین، لە سیستەمی پەروەردەیی کۆمەڵگایی کوردستانی کێشەیی گەورە هەن، چ لە ئاست پەروەردەیی خێزانی، چ لە ئاست پەروەردەیی کۆمەڵایەتی و چ لە پەروەردە و فێرکردن لە ئاستی پرۆسەی خوێندن.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین پەروەردەی رۆسۆ شێوازێکی ئەزموونیانەی فێرکارییە، کە هەنگاو بە هەنگاو هاوتا لەگەڵ سروشت و خودێتی مرۆڤ هەنگاو دەنێت بۆ بەدیهێنانی مرۆڤێکی کامڵ و هاوڵاتییەکی ژیرمەند لە کایەی کۆمەڵایەتی.

## Meditation concerning Russo's philosophy of education
## (The natural education of child)


**Abstruct:**

This research is an attempt to contemplation the philosophy of education from Rousseau's perspective in an analytical manner. Initially, Rousseau's definition of education is discussed, and then the main principles on which Rousseau's education is based are emphasized, Freedom from the performance of the students, the optional and the active participation of children in the field of education, the new and unique work that Russo brings. That is, the establishment of empirical education is the result of

his ideas, and educational psychology and the principles of contemporary education owe his ideas. Then we have focused on his texts and explained in his own language his educational system, how an assuming child named Email is taking natural education steps from the beginning. Finally, the results of an analytical reading of his observations are presented, which reflects Rousseau's innovation and greatness in the field of education.

Keywords: Jean-Jacques Rousseau, Emile, Education, children, nature, practice, teaching.

# تاملی بر فلسفه تعلیم و تربیت نزد روسو (تربیت طبیعی کودک)

## ملخص:

این تحقیق تلاشی است برای تمرکز کردن بر فلسفه تعلیم و تربیت از دیدگاه روسو بطریق تحلیلی. در ابتدا تعریف روسو از تعلیم و تربیت برسی شده است. سپس بر اصول اساسی که سیستم پرورشی روسو بر ان استوار است تاکید شده است: ازادی عملکرد، مشارکت اختیاری و پراکتیکی کودکان در عرصه تعلیم و تربیت، ان کارهای جدید و منحصر بەفردی است که روسو به ارمغان میآورد. می توان گفت تعلیم و تربیت تجربی نتایج افکار اواست و روانشناسی تربیتی و اصول تعلیم و تربیت مدرن مدیون نظریات روسو است. سپس تمرکز خود را بر روی متن قرار دادهایم و از زبان خود روسو تحلیل سیستم آموزشی اش را توضیح دادهایم، که چگونه یک کودک فرضی به نام ایمیل از ابتدا مرحله به مرحله، تربیتی طبیعی را طی می کند. در نهایت نتیجهای حاصل از قرائتی تحلیلی درباره تاملات روسو عرضه شده است، که تجلای تجدد و عظمت اوست در زمینه تعلیم و تربیت.

واژەهای کلیدی: جان جاک روسو، ایمل، تربیت، کودک، طبیعت، عملی، تعلیم.

سەرچاوەکان:

DEBESSE, M.(1956), Les Etapes de L'education, PUF, coll. Nouvelle encyclopedie pedagogique, Paris.

Kumar, S. and Ahmad, S.,2008. Meaning aims and process of education.School of Open Learning, university of Delhi.

MORNET,D. (1950) , Rousseau, l'homme et l'oeuvre, Boivin, Paris.

MVOGO,D. (1990), La theoris de "l'apprentissage chez Jean- Jacques Rousseau" in Revue des sciences de l'education, vol.16, n 3.

RECHEBLAVE,S. {s.d}, Lectures choisies de Jean-Jacques Rousseau, Armand Colin, Paris.

ROUSSEAU, J,-J.(1964) Emile ou de l'education, Garnier Freres, Paris.

SOETARD, M.(1994) "Jean-Jacques Rousseau", in perspectives, vol, xxiv, n ¾.

WEISSER, M. (2004) Langage et apprentissage dans Emile de Jean-Jacques Rousseau, in penser L'EDUCATION, n 15.

سعید، بەیان. (٢٠٠٢)، منداڵ و پەروەردەکردنی نوێ ، چاپخانەی رەنج _ چاپی یەکەم _سلێمانی.
قەرەچەتانی، کەریم شەریف. (١٩٩٨)، سایکۆلۆژیای منداڵ ، بەشی دووەم ، هەولێر .
رۆسۆ، ژان ژاك. (٢٠٠٨)، ئێمیل، و: رەسوڵ سولتانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
فەرهادی، حەمە صالح. (٢٠٠٦)، بابەتی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم ، هەولێر.
ئا. مکارنکۆ. (٢٠٠٦)، پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ ، و:مستەفا غەفوری ، دەزگای موکریانی . هەولێر.
وابرتون، نایجل، ١٣٩١، اثار کلاسیک فلسفه، ترجمه: مسعود علیا، انتشارات ققنوس، چاپ پنجم، تهران.
محسن، عیسی خلیل ، (٢٠٠٦)، الاتجاه فلسفی فی المفهوم التربوی ، دار الجریر للنشر و التوزیع، عمان.
رەفیق، فاروق ، (٢٠٠٦)، ئاشتکردنەوی عەقڵ و عیشق ، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
الحفنی، د .عبدالمنعم. (١٩٩٩) موسوعه الفلسفه والفلاسفه ،جزء الاول ، طبع الثانی، مکتبه المدبولی، القاهره.
دانایـی، روشـنك/ اردبیـلی، ماندانـا صـدرزاده. (١٣٩٥)، کاربـرد نظریـه تربیـت منفـی ژان ژاك روسـو در روانشـناسی جدیـد، پژوهـش ادبیـات معـاصر جهـان، دوره ٢١، شـماره ٢ پاییـز و زمسـتان، تهـران.
نقیب زاده، عبدالحسین، (١٣٧٥)، نگاهی به فلسفه اموزش و پرورش، انتشارات طهوری، تهران.